چیرۆکی وەرگەڕاو



خۆرخێ بۆرخیس

دەستنووسی یەزدان

و: سابیر شاکیر مەلوول

زیندانەکە قووڵ و بەردینە، شێوەکەی نیوە بازنەیەکی تەقریبەن تەواوە، تەرک و بنەکەشی کە هەر لە بەرد رۆنراوە نەختێک لە بازنەیەکی گەورە کەمترە و ئەمەش جۆرە هەستێکی چەوساندنەوەی شوێن یانی جێفشاریی دەوروژێنێ، دیوارێکیش لە ناوەڕاستەوە دەیکاتە دوو بەشەوە، ئەگەرچی ئەم دیوارە تا بڵێی بەرز و بڵندە، بەڵام بە بەشی سەرەوەی گومبەتەکەی ناگا.

من « تزیناکان»، جادووگەری هەرەمی کاهۆلۆم، کە پیدرۆ دی ئەلڤارادۆ ئاگری پێوە نا و سوتاندی، لەلایەکی زیندانەکە دەژیم و لەلاکەی تریش پڵنگێک کە بە هەنگاوی رێک و نەبینراو و پەنهان کات و شوێنی دیلی و زیندانییەکەی دەپێوێ.

پەنجەرەیەکی درێژی میلەدار لە دیوارە ناوەڕاستینەکەدا لە هاوئاستی ئەرزییەکەدا هەیە، لە کاتژمێری بێ سێبەردا- یانی نیوەڕۆ- رۆچنە دەلاقەیەک لە سەرێدا دەکرێتەوە و زیندانوانێک کە تێپەڕینی ساڵان ئەدگارەکانی رووخساری سڕیوەتەوە، چەرخەیەکی ئاسنی دەسوڕێنێ و بەسەری گوریسێکەوە گۆزەگەلێکمان بۆ شۆڕ دەکاتەوە کە ئاو و گڵمتە گۆشتیان تێدایە. لەو ساتەدایە کە من دەتوانم نیگای پڵنگەکە بکەم و بیبینم چی تر ژمارەی ئەو ساڵانەم لە یاد نەماوە کە لە تاریکیی سیاچاڵدا گوزەراندوومە و تێپەڕم

کردوون، من کە ڕۆژانێک گەنج بووم و دەمتوانی لەم زیندانەدا هاتوچۆ بکەم، ئێستا هەر ئەوەم بۆ ماوەتەوە کە لەباری مردندا چاوەڕوانی ئەو کۆتاییە بم کە خواوەندەکان بۆیان هەڵبژاردووم بەکارد و چەقۆیەکی بەردین سینەی قوربانییەکانم قووڵ قووڵ شەق دەکرد، ئێستاکەش ئەوەتانێ بە بێ یارمەتی سیحر و جادوو ناتوانم لە ناو خاک و خۆڵ بڵندبم و هەڵبستم.

لە ئێوارەی سووتاندنی هەرەمەکەدا، ئەو پیاوانەی لە ئەسپە بەرز و بڵندەکانیان دابەزین، بە ئاسنی داغ ئەشکەنجەیان دام تا پەناگە و حەشارگەی گەنجەکانیان پیشان بدەم، لە پێش چاوم بتی خوایان شکاند، بەڵام ئەو پشتی تێ نەکردم و دەستی لێم هەڵنەگرت بۆیە بە بێدەنگی بەرگەی ئازار و ئەشکەنجەم گرت و دەمم نەکردەوە وشەیەک بدرکێنم. قەمچی بارانیان کردم، بەند بەند ئێسک و پرووسکمیان شکاند، شێواندیانم، دوا جار لەم زیندانەدا چاوم کردەوە کە تا عومری فانیم مابێ لێی دەرباز نابم. لە ژێر زەبری ناچاریی ئەوەدا کە پێویستە کارێک بکەم، بە جۆرێک لە جۆرەکان وەختەکەمی پێ پڕ بکەمەوە ویستم لەم تاریکییەدا هەرچی کە دەمزانی بیهێنمەوە بیر؛ شەوانێکی بێ شومارم تەرخان کرد بۆ بەیاد هێنانەوەی ژمارە و نەخش و تەکوزیی مارگەلێکی بەردین و شێوەی وردی دارێکی دەرمانگر، بەم شێوەیە ساڵانم گوزەراند و بەم شێوەیە ئەوەم بەدەست هێنایەوە کە هەر لە پێشیشدا موڵکی خۆم بوو.

شەوێک هەستم کرد لە خاتیرە و یادەوەرییەکی گرانبەها نزیک دەبمەوە: موسافیر پێش بینینی دەریا دڵی دێتە جۆش. چەند کاتژمێرێک دواتر ئەم یادەوەرییە هاتە بەرچاوم. نەریتێک بوو لە نەریتەکانی خوا. ئەو کە لە پێشدا دەیزانی لە کۆتاییی دنیادا بەدبەختی و ماڵوێرانییەکی زۆر ڕوو دەدا، لە یەکەمین ڕۆژی دروستبووندا دەستەواژەیەکی سیحراویی نووسی کە توانای ئەوەی هەیە ئەم بەدکارییانە ڕابماڵێ.

ئەوی بە جۆرێک نووسی کە بە دوورترین نەوەکان بگا و ڕێککەوتەکان نەتوانن دەستی تێ وەردەن و بیشێوێنن و بیگۆڕن، هیچ کەسێک نازانێ ئەو دەستەواژەیە لە کوێیە و بە چی هێما و پیتێک نووسراوە، بەڵام هیچ گومانێکمان نییە کە لە خاڵێکی پەنهاندا ماوە و ڕۆژێک هەر هەڵبژاردەیەک دێ بیخوێنێتەوە. دواتر بیرم کردەوە کە ئێمە وەک هەمیشە لە کاتی ئاخرزەماندایین و چارەنووسی منیش وەک دوایین ڕاهیبی خوا حەقی ئەوەم دەداتێ کە ڕازی ئەو نووسراوەیە هەڵبێنم. مەسەلەی ئەمەش کە بە دیوارەکانی زیندان دەورە درابووم نائومێدی نەدەکردم. هەزاران جار دەق و نەخشی کاولۆمم دیتبوو تەنیا ئەوەندە

مـابوو کە قـووڵ ببـمـەوە و لێی تێ بگەم ئەم بیـرۆکەیـە دڵگەرمی کردم و هێزی دا بە روحم، بەڵام دواتر هەر زوو خـستمیـە سـەرەگێژکە. ئاخر لـە سـەراپای زەویدا شـێوەگـەلێکی دێرین هـەیە، شـێوەگـەلێکی ئەبەدی و جاویدان دەشێ هـەر یەکێک لەوانە هێمـای دڵخواز بێ ئەو رەمز و سـومبـولەی بە دوایدا دەگەڕام، شـاخێک دەیتـوانی وشەی خوا بێ، دەکرا رووبارێک یان ئیـمـپـراتۆرییـەک یان شـێـوەی ئەسـتـێـرەکـان قـسـەی یەزدان بێ، بەڵام بە درێژاییی سـەدەکـان چیـا دەدا لـە کـەمـیـی و پان دەبێـتـەوە، رووبـار رێڕەوی خـۆی دەگـۆڕێ و ئیمپراتۆرییـەکـان دووچاری گـۆڕان و نەگبـەتی دەبن و لـە ناو دەچن شـێوەی ئـەستێرەکان دەگۆڕێت تەنانەت لە فـەزا و کەشکەڵانی فـەلەکیشدا گۆڕان هـەیە، چیا تاکە، ئەستێرە تاکە تاکەکانیش فانی و راگوزەر و زوو تێپەڕن. لە شتێکی پایەدارتر و سـەختتر گـەڕام. بیرم لە وەچەکـانی دانەوێڵـە کـردەوە، لـە رەچەڵەکی گـژوگیـاکـان، لـە رەگەمـای باڵندە، لە رەگـەزی مـرۆڤ. پێ دەچوو سیـحرەکە لـە هەنیـە و ناوچەوانی من نووسـرابێ، لەوانەیە خـودی خـۆم بووبێتـە ئامـانجی کـۆتاییی لێکـۆڵینەوەکانم. لـەم کـەند و کـۆژەیەدا بووم کـە بە یادم هاتەوە پڵنگەکە یەکـێکە لە نیـشـانەکـانی خـوا، دڵم سـەرڕێژبوو لە تـەقوا، روحم پڕ بـوو لە زیکر و خواپەرستی، یەکەمین سپێدەی جیهانم وێنا و بەرجەستە کرد، هەوەڵین گەزیدەی گەردوونم هێنایە بەرچاو. خوایەکم بەرجـەستە کرد کە پەیامی خۆی بە پێستی زیندووی پڵنگانێک دەسپێرێ کە پەیدەرپەی تا ئەبەد لە ئەشکەوتەکاندا، لە چێنکە و کشتزارەکاندا، لەسـەر دوورگەکان ئاشقێنی دەکەن و وەچەیەکی زۆر دەخـەنەوە تا ئەو پەیامە بە ئاخرین مرۆڤەکان بگا. وێنای ئەو تۆڕە پڵنگانەم دەکرد، ئەو گـەرمە تووناو توونە پڵنگانەم دەهێنایە پێش چاو کە لە چێنکە و مەزراکان و لە ناو مێگەلەکان و گاڕانەکاندا ترسیان دەنایەوە تا پارێزگاری لە نەخش و نیگارێک بکەن، نەخـشی خـوایی لە پڵنگە هاوسـێکەمـدا نیـشـانەی راسـتـیی مەزندەکەم و ئۆگرییەکی پەنهان و بەهرەیەکی نهێنیم بینی.

سـاڵانێکی درێژم بۆ فـێـربوونی رەهـەند و شـێـوەی پەڵەکـان تەرخـان کـرد. هـەر رۆژێکی تاریک تیـرێژێک و سـاتێکی رووناکی بـە من دەبەخـشـی و دەمـتـوانی لە بیـرگـەمـدا شـێـوەگـەلێکی رەش تۆمـار بکەم کـە لەسـەر تیـسکی زەرد نەخـشـیـان بەسـتـبـوو و دەدرەوشـانەوە. هـێندێکیـان خـاڵ بوون هـێندێکیـان هێـڵی پان لە دیوی ناوەوەی ران، هێندێکی تریان بە شێوەی ئەڵقە دووبارە دەبوونەوە، رەنگە دەنگێکی ناوازە یان وشـەیەکی تایبەت بووبن- زۆربەیان لێواری سووریان هەبوو.

باسی رەنجکێشان و مانـدووبوونی خۆم ناکەم. چەندین جار رووم لە دیوارەکان دەکرد و

هاوارم دەکرد کە دۆزینەوەی هێمای دەقێکی ئاوا ئەستەم و نەکردەنییە.

ورده ورده ئەو مەتەڵە سەختەی سەرمی قاڵ دەکرد کەمتر لە مەتەڵە بنچینەییە گشتگیرەکە ئازاری دەدام کە رستەیەک بوو دەستخەتی خوا. لە خۆم دەپرسی: عەقڵی رەها چی جۆرە رستەیەک رەنێو دێنێ؟

بینیم تەنانەت لە زمانە مرۆییەکانیشدا رستەیەک نییە بە مانای جیهانێکی تەواو نەبێ. کە دەڵێین پڵنگ یانی ئەو جووتە پڵنگەی کە ئەو پڵنگەیان خستەوە، یانی ئەو ئاسک و کیسەڵانەی کە ئەو پڵنگە هەڵیان دەدڕێ و دەیانخوات، یانی ئەو گژوگیایەی کە ئاسکەکان دەیخۆن یانی ئەو زەوییەی کە دایکی گیایە و ئەو ئاسمانەی کە ژیانی بەخشیوەتە زەوی. هەروەتر بیرم کردەوە لە زمانی خوادا هەر وشەیەک دەبێ زنجیرەیەکی ناکۆتا لە کردەوەکان، بە شێوەیەکی ئاشکرا نەک شاراوە، بە رەوشێکی یەکسەری نەک خەریکی روون بکاتەوە.

بە تێپەڕینی زەمانە چەمکی یەک رستەی خوایی لە دیدی مندا منداڵانە و کفرئامێز خۆی نواند. بیرم کردەوە خوا دەبێ تەنیا یەک وشە بفەرمێ و دەبێ ئەم وشەیە سەرتاپاگیربێ.

هەو وشەیەک کە بە زاری ئەو دابێ نابێ کەمتر لە گەردوون یان ناکامڵتر لە کۆی زەمانە بێ.

وشەگەلی هەژار و تەماداری مرۆڤەکان وەک وشەی -گشت، دنیا و گەردوون- سێبەر و تارماییی ئەم تاقە وشەیەن کە یەکسانە بە زمانێک و هەموو ئەو شتانەی کە زمانێک دەتوانێ لە خۆی بگرێ.

رۆژێکیان یان شەوێکیان- چی جیاوازییەک هەیە لە نێوان رۆژەکان و شەوەکانمدا؟ - خەونم بینی کە دەنکە لمێک لەسەر زەوی زیندانەکەم کەوتووە بێ گوێ پێدان، بێ پەروا خەوتمەوە، خەونم بینییەوە کە بە ئاگا هاتوومەتەوە و دوو دانە لمە، دیسانەوە خەوتمەوە خەونم بینی کە دەنکە لمەکان سێ دانەن. ئەوجار زیادیان کرد تا ئەوەی زیندانەکەیان پڕ کرد و من لە ژێر ئەو نیمچە بازنە لمەدا دەمردم، زانیم کە خەون دەبینم و بە زحمەت خۆم راپسکاند و بە خەبەر هاتمەوە، بێداربوونەوەم سوودی نەبوو- لم دەیخنکاندم، کەسێک بە منی گوت؛ تۆ بەخەبەر نیت، بگرە لە خەوەکەی پێشوتدا بە ئاگا هاتوویتەوە کە ئەویش خەونێکە لە ناو خەونێکی تردا و بەمجۆرە تا ناکۆتایی کە ژمارەی دەنکە لمەکانە، رێگەی گەڕانەوەت بێ کۆتایی و بێ پایانە و لە راستیدا پێش ئەوەی بە ئاگا بێیت دەمریت.»

هەستم بە لەناوچوون کرد لم ددانەکانمی ورد و خاش دەکرد، بەڵام هاوارم کرد؛ نە لمی

خەون دەتوانێ بمکوژێ و نە خەون هەیە لە ناو خەوندا.ترووسکەیەکی رووناکی بە ئاگای هێنام چاوم هەڵهێنا لە تاریکاییی سەرەوەدا کڵافەیەک رووناکیی ئەڵقە ئەڵقە دادەڕژا.

دەست و رووخساری زیندانوان و بەکرەکە و گوریسەکە و پلە گۆشت و گۆزەکانم بینی. مرۆڤ وردە وردە سەری سوڕ دەمێنێ لەوەی کە چارەنووسی چۆن دەبێ، هەر بنیادەمێک بە تێپەڕینی رۆژگار دەبێتە خودی بارودۆخ و هەڵومەرجی خۆی.

پێش ئەوەی هێما بین یان تۆڵەسێن بم پێش ئەوەی کاهینی خوابم زیندانیی بووم. لە ونستانی ئەو خەونانەوە کە ماندووبوونیان نەدەناسی گەڕامەوە بۆ زیندانە سەختەکەم وەک ئەوەی بگەڕێمەوە ماڵێ. ستایشی شێدارێکەییم کرد سوپاسی پڵنگەکەی، سوپاسی رۆژنەکەی، سوپاسی جەستە ئازاردیدە داڕزاوەکەی خۆم کرد سوپاسی تاریکی و بەرد. ئەو کاتە شتێک رووی دا کە نە دەتوانم لە بیر بکەم نە دەتوانم بیگوێزمەوە: یەکێتیم لەگەڵ خوا لەگەڵ گەردووندا رووی دا- یانی لەگەڵ یەزدان و گەردووندا بوومە یەک «نازانم جیاوازی لە نێوان ئەم دوو وشەدا هەیە یان نا».

سەرمەستیی هێماکانی خۆی دووپات ناکاتەوە؛ یەکێک خوای لە رەنگدانەوەدا بینیوە، یەکێک لە شمشێردا، یەکێکی تر لە ئەڵقەکانی گوڵدا. من گەردوونەیەکی «چەرخەیەکی» زۆر بڵندم بینی، نە لە پێش چاوم بوو نە لە پشتمەوە نە لە لامەوە بگرە لە هەمان کاتدا لە هەموو شوێنێک بوو، ئەم گەردوونەیە لە ئاو دروست کرابوو هەروەها لە ئاگریش بوو.

گەردوونەیەک بوو بێ کۆتایی گەرچی لێوارەکانیشی دەبینرا.

چەرخێک کە هەموو رابردوو، ئێستا و داهاتوو تێیدا چووبوون بە یەکدا و ئاڵۆسکابوو. گلۆڵەیەک بوو کە من تاڵێک بووم لێی و- پیدرۆ دی ئەلڤارادۆی- جەلاد ئەشکەنجەدەرمیش، تاڵێکی تر. هۆکان و ئەنجامەکان لەوێدا بوون ئەوەندە بەس بوو نیگای چەرخەکە بکەم تا بە شێوەیەکی ناکۆتا لە هەموو شتەکان تێ بگەم.

ئای لە شادیی تێگەیشتن و درەوشانەوەی چەند مەزنترە لە شاد وێناکردن و نیعمەتی هەستەکان. من گەردوونم بینی و شێوە مەحرەمەکانی گەردوون، من جیهانم بینی و نیشانە نهێنییەکانی جیهان. ئەو پرەنسیپانەم بینی کە کتێبی «پۆپۆلڤۆ» ناویان دێنێ، ئەو شاخانەم بینی کە لە ئاو دەرسکێن، ئەو یەکەمین مرۆڤانەم بینی کە لە گەوهەری درەخت بوون، ئەو گۆزانەم بینی کە بنیادەمەکان شاڵاویان بۆ دەبرد ئەو سەگانەم بینی کە دەموچاوی مرۆڤەکانیان هەڵدەدڕی، چارەنووسی ئەوەکەی تر، هۆز و کۆز و میللەت و نەتەوەی ئەویتر بە ئەو چی ئەگەر ئێستا ئەو خۆی هیچ کەس نەبێ؟

لەبەر ئەوە شـێوگـەکە ناهێنمـەوە سـەر زمـان لەبەر هەندێ لـێ دەگەڕێم کە ڕۆژگـار بەم شێوەیە کە لە تاریکیدا ڕاکشاوم لە بیرم بکات و بە فەرامۆشیم بسپێرێ.

١٩٤٣

سەرچاوەکان

١- کتابخانهء بابل و ٢٣ داستان دیگر انتشارات نیلوفر

٢- الألف: ترجمة: محمد ابو عطا دار الشرقيات للنشر، مصر

٣- مرآة الحبر، ترجمة محمد عيدابراهيم دار علاءالدين، سوريا

فەرهەنگۆک

١- ونستان: المتاهه

٢- نەبەرد: العمليات الثوريه

٣- هێمابین: ڕەمزدۆر/ کاشف الرموز

٤- گەردوونە: چەرخ- دولاب عجلة

٥-شێوگ: فۆرمۆلە: صيغه/ ترکیبه

٦- پلە گۆشت: گڵمتە گۆشت

٧- ڕۆژنە/ ڕۆچنە/ دەلاقە

٨- دەرسکێن: شین دەبن- پەیدا دەبن

٩- پۆپۆلڤۆ: کتێبی پیرۆزی نەتەوەی مایا

١٠- میلەدار: شیشدار

١١- ئەدگار: ملامح

١٢- تەرک: الأرضيه

١٣- ڕۆنراوە: دروست کراو

١٤- ڕەگەما: ڕەچەڵاک

١٥- کەندوکۆژە: تحريات

١٦- کارد: چەقۆ